

# پۆلی خوێندن

غوڵام حسێن ساعیدی

لەفارسییەوە: ناهید حسەینی



هەموومانیان تەپاندبووە پاڵ یەکتر. لەنێو کامیۆنێکی شەقو شڕدا کە هەرکات دەکەوتە سەر تاسەیەك چوار پەلی لەبەر یەك بەردەبووەوەو پاش کاتژمێرێك تەختەکانی وێك دەهاتنەوەو ئێمەش بڵاوەمان ئەکردو توند یەکترمان رادەگرت بۆ ئەوەی فڕێ نەدرێینە دەرەوە. ئەتگووت لە زاری بوونەوەرێکدا بووین کە بەردەوام شێویلکەکانی دەکرایەوەو دادەخرا، بەڵام تاقەتی جووینو قووتدانی نەبوو. هەتاو پانتایی ئاسمانی داگیر کردبوو. بە دەوری خۆیدا ئەسووڕایەوە. هەناسەی ئەداو هەناسەی ئەدایەوەو ئاگری ئەباراندو بەردەوام ئەیکێشا بە سەرمانا. هەموو کەوتبووینە لاسکەلاسك. زارمان نیوە کراوەو چاومان بڕیبووە یەکتر. کەسمان ئەوانی دیکەی نەدەناسی. هاوتەمەنیش نەبووین. بەرامبەری من کوڕێکی چواردەساڵان دانیشتبوو. لە تەنیشتمەوە پیرە پیاوێك بوو کە هێندە ماندوو بوو تاقمی ددانەکانی دەرهێنابوو و نابوویە لەپی دەستیو پیاوێکی چل ساڵانیش سەری نابوو بە ئەژنۆیەوەو دەتگووت گرێی تێهەڵدراوە. هەموو گرێ درابووین. هەموو جەستەیان بریندار بوو. پتر لە شەست کەس بووین. هەموو شڕەبارو تۆزاویو تەنیا چەند کەسێکمان پێڵاویان لە پێدا بوو. هەموو بێدەنگ بووین. تینوو بووینو برسی. کامیۆنەکە بە لۆفەی هەر جادەیەکدا تێدەپەڕی، تۆزو خۆڵی بەرپا دەکردو هەرکەس دەکۆکی پارچە کلۆیەکی فڕێ ئەدایە دەرەوە.
چەند کاتژمێرێك بەم شێوەیە ڕۆیشتینو پاشان کامیۆنەکە راوەستا. ئێمەیان دابەزاند. لە سێبەری دیواری کەلاوەیەکدا پاڵمان دایەوە. لە سووچێکی نادیارەوە چەند پیرەپیاوێك دەرکەوتن کە هەرکامەیان سەتڵێکی بەدەستەوە بوو. هەر یەکەو کاسەیەك ئاویان پێداینو پاشان خواردنیان بۆ هێناین. شۆرباوێکی تاڵو لەتە نانێك کە هەموویم بەوپەڕی چێژەوە قووت دا. سەرلەنوێ ئاویان هێنایەوە. ئاوی جاری دووهەم گەلێ چێژی پێبەخشیم. پاڵمان دابوو بە دیوارەوە. باوێشكو خەو چرنووکیان لە روخسارمان ئەگرت کە لە پڕ چاودێرەکە هات. پیاوێکی باڵابەرز بوو. لاوازو ماندوو. شێویلکەی خوارەوەی لەرادەبەدەر گەورە بوو و لێوی خوارەوەی، لێوی سەرەوەی داپۆشیبوو. چەند جار سەرو خواری کرد. لەبەر ئەوەی پێلوەکانی شۆڕەوە ببوون، دیار نەبوو رووی لە کێیە. پاشان بە دەنگی بەرز فرمانیدا کە هەموو هەستینو ئێمەش هەستاینو بەڕیز وەستاین. بەڕێکەوتینو لە دەرگایەکی تێکوپێك دراوەوە چووینە کەلاوەیەکەوە. گۆڕەپانێکی گەورە بوو. هەموو شوێنێکیان هەڵکەندبوو. قووڵکە لە پاڵ قووڵکەدا. لە پاڵ چاڵەکاندا دانیشتین. بەرامبەرمان دیوارێکی کاگڵیی تێکشکاو بوو کە تەختە رەشێکیان لەسەر داکوتابوو.
لە بەردەم تەختە رەشەکەدا مێزێکی درێژی لێ بوو لە بەردی رەشو لە دەوری بەردە رەشەکەش چەند سەتڵێك ئاو دانرابوو. چەند گوێنیش ئاخنراو لە قوماشو تەنافو لۆکەی خۆڵاوی. خۆرەتاو بڵاو ببووەوەو چیدیش گەرماکەی نەیئەدا بە تەوقی سەرماندا. دەمانتوانی ئاسوودەتر هەناسە بدەین. نیو کاتژمێر چاوەڕوانمان کرد هەتا مامۆستا هات. قەڵەو و کورتەباڵا بوو. بە قورسی هەنگاوی دەنا. مەچەکی باریكو دەستی پانو و پەنجەکانی درێژ بوون. روخساری پان بوو و چاوی بە بەردەوامی

لە کاسەی چاویدا دەسووڕایەوە. وادیار بوو دەیویست بەردەوام چاوەدێریی هەموو کەسو هەموو شتێك بکات. بزەی دەگرتو ددانە کیڕەی دەکرد. هاتە پێشەوەو بە لەپی دەستی مێزە بەردینەکەی پاك کردەوەو لەتە گەچێکی هەڵگرتو چووە بەر تەختەڕەشەکەو گوتی: وانەکەمان گەلێ ئاسانە. گەر سەرنج بدەن زۆر بە خێرایی فێری دەبن. کەرەستەی کاری ئێمەش هەر ئەمانەن کە دەیبینن.
بە دەستی ئاماژەی دایە سەتڵە پڕ لە ئاوەکانو گوێنییەکانو پاشان گوتی: کاری ئێمە گەلێ ئاسانە. ئەیهێنینە ژوورەوەو درێژی دەکەینەوە، پاشان لەسەر تەختەڕەشەکە شکڵی مرۆڤێکی کێشا کە نووستبوو و درێژەی بە قسەکانیدا: یەکەمین کارمان ئەوەیە کە بیشۆرین. یەك یان دوو سەتڵ ئاوی پێدا دەکەین. پاشان بڕێك لۆکە دەنێینە سەر چاوەکانیو توند دەیبەستین کە چیدی نەتوانێ ببینێ، بە هێڵێك چاوەکانی پیاوەکەی بەستو پاشان رووی کردە ئێمەو گوتی: شێویلکەشی دەبێ ببەستین، قوماشێك لە بن چەناکەیەوە دەبەینو لە سەر سەری گرێی دەدەین. چاوەکانی کە داخران، دەمیشی دەبێ داخرێت کە چیدی قسە نەکات، شێویلکەی خوارەوەی دووری بە سەریەوەو گوتی: پەنجە گەورەی لاقیشی پێکەوە دەبەستینەوە بەو مانایە کە رێگە رۆشتنیش تەواو بوو، پاشان خۆی بە تەنێ پێکەنیو گوتی: دەستەکانی لە تەنشت لەشیەوە رێك رادەکێشینو دەیبەستین، و نەیگوت هۆکاری چیە دەستەکان دەبەستینو پاشان گوتی: ئێستا دەبێ لە قوماشێکەوە هەڵیپێچینو چیدی کاری تەواو دەبێت. پاشان ئاماژەی دایە دەرەوەی کەلاوەکە. دوو پیرەپیاو گەنجێکیان لەسەر تابووت هێنایە ژوورەوە. هێشتا نەمردبوو. دەینالاند.
جارو بار دەستو پێی دەبزواند. لەسەر مێزەکە رایانکشاند. پیرەپیاوەکان چوونە دەرەوەو مامۆستا هاتە پێشەوەو کراسە شڕەکەی بەر پیاوە گەنجەکەی دڕاندو فڕێیدا.
مامۆستا پەنجەکانی لە دەوری ملی پیاوەکە توند کردو فشاری خستە سەرو ملی باداو دەستو لاقەکان بزوانو دەنگی بڕاو جەستەی ئارامی گرت.
پاشان سەتڵەئاوێکی هەڵگرت. کردی بەسەر مەیتەکەداو پاشان لۆکەی



خستە سەر چاوەکانیو بە لەتە قوماشێك بەستی. چەناگەی مردووەکە شۆڕ بووەوە کە بە مستێك هەردوو شێویلکەی پێکەوە دووراندو پاشان قوماشێکی دیکەی لە گوێنییەکە دەرکردو دەمی بەستو لەتە پەڕۆیەکی دیکەشی لە ژێر چەناگەیەوە دەرکردو لەسەر تەوقی سەری گرێی تێهەڵدا. پاشان دەستی لە تەنشت جەستەیەوە ڕێك ڕاکێشا. بڕێك لۆکەی لە توورەکەکە دەرکێشاو خستیە نێوان پەنجەکانیو هەردوو پەنجە گەورەکانی بە تەناف پێکەوە بەستو پاشان بە بێ ئەوەی کەس یارمەتیدەری بێت، مەیتەکەی لە قوماشەوە هەڵپێچاو سەرو خواری قوماشەکەی گرێداو بە بزەوە گوتی کاری تەواو بوو.

ئاماژەیەکی کردو دوو پیرە پیاوەکە هاتنە ناو کەلاوەکەوەو تەرمەکەیان هەڵگرتو خستیانە نێو یەکێك لە چاڵەکانەوەو چاڵەکەیان پڕ کرد لە خۆڵو ڕۆیشتن.

مامۆستا باوێشکێکیداو پرسیاریکرد: کەس هەیە فێر بووبێت؟

کۆمەڵێکمان دەستمان هەڵبڕی. ئەوانی دیکە ترسابوون، مامۆستا گوتی: ئەوانەی فێر بوون با بێنە پێشەوە. هەستاینو چووینە پێشەوە. مامۆستا دەیویست ئاماژە بداتە دەرەوەی کەلاوەکە، کە لە پڕ دەستو لاقیمان گرتو لەسەر تاشەبەردەکە ڕامانکێشا. پێش ئەوەی فریا بکەوێت هاوار بکات، قوڕگمان گرتو باماندا. لە سەر سینگی دانیشتینو بە مستێکی قورس چەناگەیمان دووراند بە شێویلکەی سەرەوەیدا. لۆکەمان خستە سەر چاویو بەستمان. زاریمان دووراند بە تەوقی سەریەوەو رووتمان کردەوەو لۆکەمان خستە بەین پەنجەکانی. پەنجە گەورەکانی لاقیمان بە تەناف پێکەوە گرێداو کفنمان کردو پاشان هەڵمانگرتو فرێماندایە ناو چاڵێکی گەورەوەو خۆڵمان کرد بە سەریداو هەموو ڕامانکردە دەرەوە. چاوەدێرو پیرەپیاوەکان نەیانتوانی پێشمان پێبگرن. شۆفێری کامیۆنەکە چووە پشت سۆکانەکەیو هەموومان سوار بووین. کاتێ لە لاڕێیەکەوە بۆ لاڕێیەکی دیکە بامان ئەدایەوە، هەتاو کوژابووەوە. ئەستێرەکان لە چەشنی گوڵی بزمارین بە سەر سەرمانەوە دیار بوونو مانگ لە سووچێکەوە بڕۆی خۆی دەنواند.

**سەرچاوە: dastani.blogspot.com**



غوڵام حوسێن ساعیدی

غوڵام حوسێن ساعیدی سالی 1953 لە شاری تەورێزی ئێران لەدایکبووەو هەر لەتەمەنی شانزە سالییەوە دەستی بە نوسین و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی کردووە.

ساعیدی حەوت ڕۆمان و نزیکەی شەست کورتە چیرۆکی نوسیوە، جگە لەوەش شانۆنامەنوسێکی لێهاتوو بووەو نزیکەی پانزە دەقی شانۆیی نوسیوە، لەبواری نوسینی سیناریۆشدا دەستێکی باڵای هەبووەو لەگەڵ گەورە دەرهێنەرانی ئێراندا کاری کردووەو بەرهەمەکانی کراونەتە فیلم.

بەناوبانگترین ڕۆمانی (تازیەدارانی بەیەل)ە کە لەساڵی 1964دا بڵاوکراوەتەوەو تائەمڕۆش پڕ خوێنەرترین کۆمەڵە چیرۆکی فارسی بوو، شێوازێکی نوێی چیرۆکی فارسییە، ئەحمەدی شاملو لەبارەی ساعیدی یەوە دەڵێت: ڕژێمی شا و ساواکی ئێران ساعیدیان بە زیندان و ئەشکەنجەکانی فەوتاندو مێشکیان لەداهێنان خست، دەنا ساعیدی ئەو دەنگە بەهێزو ڕەسەنە بوو، کە دەیتوانی ئەدەبی فارسی بەدنیا بناسێنێت.

غوڵام حوسێن ساعیدی ساڵی 1985 لە دوورە وڵاتی و لەشاری پاریس کۆچی دواییکرد.